www.kurdistannet.org
15-8-2006 12:18 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تاوانی کانی عاشقان بووە دۆسێیەکی تر لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا

سەرچاوەیەک لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە نەیویست ناوی ئاشکرابکەین، بە ناوەندی چاکی راگەیاند کەوا جگەلەو دۆسێیانەی کە لە سەر تاوانی سەرانی بەعس دەرهەق بە کورد، کردوویانە دۆسێی کانی عاشقانی شاری هەلەبجەش لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقد بووەتە دۆسێەکی تری سەربەخۆ ئەم دۆسێیەی کانی عاشقان جیاوازە لەدۆسێی کیمیا بارانکردنی شاری هەلەبجە لە 1988/3/16دا شایانی باسە کانی عاشقان گەرەکێکی گەورەی شاری هەلەبجەیەو لەسالی 1987 رژێمی بەعس بە شوفل خانووەکانی لە گەڵ زەوی تەختکرد و چەند هاوڵاتیەکی ئەو گەرەکەشی گوللەبارانکرد، ئەمەو تیمەکانی رێکخراوی مێدڵ ئیست وۆچیش لەمبارەیەوە ناوسراوە نهینیەکانی ئەمنی سلێمانی لە راپۆرتەکەیدا بڵاوکردووەتەوە:

(نووسراوێک، کە ناوی ئەمنی سلێمانی لە بەشی سەرەوەی چاپکرا و مو ژمارەکەی س. ت 21308، لە بەرواری 16 ی ئەیلوولی 1987 دەرچووە و بە "ئەوپەڕی نهێنی" ڕیزبەند کراوە باس لە گوللەبارانکردنی ئاشکرای پێنج "تاوانبار" دەکات لە بەردەم خەڵکیداو لە لایەن تیمەکانی ئیعدامکردنەوە، گوایە "پەیوەندییان بە رێکخراوەکانی ناوخۆی سەر بە ئێرانەوە بووە". ئەم گوللەبارانکردنە لە 24 ی تشرینی یەکەمی 1987دا، بە ئامادەبوونی لیپرسراوانی حیزبی بەعس و دەزگا ئەمنی و ئیستیخباراتیەکان، جێبەجی کراوە، پاش ماوەیەک "بڕیاری ئەوە درا کە پێویستە سی خێزان لە تاوانباران.. بە شێوەیەکی نهێنی و لەسەرخۆ ئیعدام بکرێن". فەرمانی ئەم ئیعدامکردنە بە نووسراوی ژمارە 6806 لە 12 ی کانوونی یەکەمی 1987دا، لە لایەن فەرماندەیی مەکتەبی باکوورەوە دەرکراوە) .

- لەم کاتەدا بریندارە مەدەنیەکانیش گوللە باران دەکران، ئەمەش لە راگەیاندنێکی دەسنووسدا دەبینرێت، بە ژمارە 3324 لە 14 ی مایسدا، لە لایەن بەرێوەبەری ئەمنی شاری هەڵەبجە، لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقەوە، ڕەوانەی ئەمنی سلێمانی کراوە. نووسراوەکە بە دوور و درێژی باسی کردەوەیەکی سەربازی دەکا دژ بە گەرەکی کانی ئاشقانی ئەو شارە و ئاماژە بە بروسکەی ژمارە 945 ی رۆژی پێشوو دەکات لە لایەن فەرماندەیی فەیلەقی یەکی سوپاوە. (بە فەرمانی فەرماندەیی فەیلەقی یەک و ئامۆژگاریی هەڤاڵ علی حسن المجید بوو کە هاوڵاتیە مەدەنیە بریندارەکان ئیعدام بکرێن پاش دڵنیابوون لە دژایەتی کردنیان بۆ دەسەڵاتداران لە رێکخراوی حیزب و دەزگای ئەمن و پۆلیس و ناوەندی ئیستیخبارات و بەکارهێنانی شۆفڵ و بلدۆزەر بۆ تەختکردنی گەرەکی کانی ئاشقان)